حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێـــراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
پەیمانگای تەکنیکی سۆران
بەشی ئافرەتان و لە دایك بوون

# مێژووی زمانەوانی

ئامادەکردنی قوتابی:
مێڤان قاسم قادر

بە سەپەرشتی:
م. پشتیوان اسعد کریم

٢٧٢٠ کوردی | ١٤٤٢ کۆچی | ٢٠٢١ زاینی

زمانـــەوانی واتـــە وردبوونـــەوە و لێکۆڵینـــەوە لـــە ســـەر زمـــان و دۆزینـــەوەی ڕێســـا و یاســـاکانی بـــە شـــێوەیەکی زانســـتی. زمـــان ڕۆڵێکـــی هێنـــدە گرینگـــی لـــە ژیـــانی مرۆڤـــدا هەیـــە کـــە دەتـــوانین بڵێـــین بـــێ زمـــان ژیـــان بـــەم چەشـــنە نـــابێ و تـــا ڕادەیـــەکی زۆر ڕادەوەســـتێ. دەکرێـــت ئـــەم دیاردەیـــە لـــە زۆر ڕوانگـــەوە شـــرۆڤە بکـــەین و بیدەینـــە بـــەر لێکۆڵینـــەوە. زمـــان بـــەر لـــە هـــەموو شـــتێک دیاردەیـــەکی کۆمـــەلاَیەتییـــە و پەیوەندییـــەکی زۆری لـــە گـــەڵ چانـــد و داب و نـــەریتی کۆمەڵگـــە جیاوازەکانـــدا هەیـــە. گرنگتـــرین ئـــەرکی ســـەرەکی زمـــان بـــە گشـــتی دامەزرانـــدنی پەیوەنـــدی لـــە نێـــو مرۆڤـــەکان دایـــە. هـــەروەها زمـــان بـــۆ دەربڕینـــی بیـــر و هـــزر و هەســـت و هونـــەریش بـــە کـــار دێـــت. ئـــەم زانســـتە چەنـــدین قۆنـــاغی پـــێش زانســـتی تێپەڕانـــدووە و هەنووکـــەش بـــە ســـەربەخۆیی هـــەر وەک یـــەکێک لـــە زانســـتە مرۆڤایەتییـــەکان لـــە زانکـــۆ و ئاکادمیاکـــــــــان دا جێـــــــــی خـــــــــۆی کردووەتـــــــــەوە.

لـــە مێـــژە، نەتـــەوە جیاوازەکـــان لـــە ســـەر زمـــان لێکۆڵینـــەوەیان کـــردووە و هـــەر یەکـــە و لـــە ڕوانگـــەی خۆیانـــەوە لـــە ســـەری پـــەیڤیون. بـــۆ ورد بوونـــەوە لـــە ســـەر ئـــەم بابەتـــە لـــە هـــەر ڕوانگەیەکـــەوە دەبـــێ چوارچێـــوەی ڕامـــان و هـــزری کۆمـــەلاَیـــەتی و فەلســـەفی و زانســـتی کـــە هـــۆی لـــە ئـــارادابوونی ئـــەو پارادایمـــە(کـــوهن،١٩٦٢) بـــووە لـــە بـــەر چـــاو بگـــرین.(سامپســـون. ل١٤) وەک هـــەر زانســـتێکی تـــر ئەمـــە نەریتێکـــە کـــە خـــاڵی دەســـپێکی لێکۆڵینـــەوە لـــە ســـەر ئـــەم بابەتـــە بـــە گریکـــەکان بـــزانین (ئەمـــە بـــە هـــۆی نـــەبوونی بەڵگـــەی نووســـراو لـــە ســـەر ناوەنـــدە چانـــدی و کولتوورییـــەکانی تـــر بـــێ یـــا بـــە هـــەر هۆیـــەکی تـــری وەک چـــالاکی و وریـــایی یـــان خـــۆبینی ئەوروپییـــەکان بـــێ، جێـــی نیـــە لێـــرەدا لـــە ســـەری بـــڕۆین). پرســـیاری ســـەرەکـــی فەیلەســـووفە گریکیـــــەکان چۆنیـــــەتی دامەزرانـــــدنی بنچینـــــەی جیهـــــان بـــــووە. تـــــالس(٥٤٨-٦٢٤پ.ز) ئـــــاوی بـــــە پێکهینـــــەری جیهـــــان دەزانـــــی؛ ئاناليس(ســـەدەی ٦ پ.ز) هـــەوای بـــە بناغـــەی جیهـــان دەســـت نیشـــان دەکـــرد. هەراکلیتۆس(ســـەدەی ٥ پ.ز) دەیگـــوت: جیهـــان لـــە ئـــاگر چـــێ کـــراوە، بـــەلام

شت و مەکەکان بە بەردەوامی لە ئالوگۆڕ دان. فیساغوروس(٤٩٥-٥٧٠) ژمارەکانی بە بەردی بنەمای ئەم گەردوونە دەزانی. کە چی ئەفلاتوون پێی وا بوو کە هەموو شتێک رواڵەت و روومەتێکی جیاوازی هەیە کە لە گەڵ رەسەنایەتی خۆی دا جیاوازە. واتە رواڵەت لە بنەڕەت دا بە چەشنێکی ترە. سەرەکی ترین جیاوازی روانگەی زمانەوانان و فەیلەسووفان لە بواری واتای زمان دا ئەوەیە کە دەستەی یەکەم خوازیاری لێکۆڵینەوە لە سەر رۆڵی مانای زمان بوون، کە چی دەستەی دووەم زۆرتر بە چۆنییەتی مانای زمان گرنگیان ئەدا(ملمک جار، ل٣٨٩). بیرو بۆچوونی گریکەکان لە سەر زمانیش بە هەمان شێوازی بیر و بۆچوونییان لە سەر مانا و چەمکی جیهان بوو. ئەفلاتوون لە پەرتووکی کراتیلۆس(پێکهاتەی وشە) لە سەر بۆچوونی سروشتی بوونی زمان و ئەوەی کە وشەکانی زمان ئاوێنەی پێکهاتەی سروشتی دەورو بەرن سوور بوو. سورن کە یەکێک لە مێژوو نووسانی زمانەوانی سەردەمە دەڵێت: کراتیلوس یەکەمین پەرتووکە کە لە سەر زمان نوسراوە و ئەفلاتوون لە رامانی هراکلیتووس بۆ نوسینی ئەم کتێبە کەڵکی وەر گرتووە. دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە فەلسەفە لە گریک(یۆنان) تا رادەیەک پێگەیەکی زمانی هەبووە. ئەفلاتوون لە پەرتووکی سوفیست دا لە روانگەی لۆژیکی ماناوە رستە بە دوو بەشی نیهاد و گوزارە پۆلین دەکات. وتمان ئەو گوتوویە کە هەر شتێک هەستی پێ بکرێت بنەمایەکی چەقی و زاتی هەیە، وشە و رستەکانی زمانیش بنج و ژێدەر و ناوەڕۆکێکی خولقێنەر و داهێنەرییان هەیە(سەفەوی، ل ٣٨). چامسکیش ئەم ئەدگارەی بەرهەم هێنان و چەقی بوونی زمانی بە بیر و رای دکارت دەزانیی کە ئەویش لە ئەفلاتوون وەری گرتووە و چامسکی بە کێشەی ئەفلاتوون نێوی دەبات(زمانەوانی دکارتی ل ٧٠ و هەر وەها زمان و کێشەکانی زانست ل١٦)

رووبینز لە لاپەڕەی ٤٠ دا دەڵێت: ئەرەستوو(٣٢٢-٣٨٤) هەر وەک پێشەنگی زانستی لە بواری زمان دێتە ئەژمار. ئەرستوو دەڵێت: زمان شتێکە لە تێکەلاَوی رێکەوت و سروشت پێکهاتووە و هەروەها وشە

بەرهـــەمی پەیوەنـــدی و پێکهـــاتنی دەنگ(هێمـــا) و واتایـــە و هـــەروەها دەڵێـــت: رســـتەش لـــە ســـێ بەشـــی نیهـــاد.گوزارە و ئـــامراز پێـــک دێـــت. دەبیـــر موقـــەدەم دەڵێـــت: گیـــون لـــەم باوەڕەدایـــە کـــە ســـەرچاوەی پێکهاتـــە گـــەرایی لـــە ســـەر زمـــــــــان ئـــــــــــەم بوچوونـــــــــــــەی ئەرســـــــــــتووە.

ســـەفەوی لـــە لاپـــەڕەی ٣٦٥ کتێبـــی "دەســـپێکیک لـــە ســـەر واتـــا ناســـای" دەڵێـــت: دەســـت پێشـــخەری لێکۆڵینـــەوە لـــە ســـەر خـــوازە زمـــانی و زمـــانی وێژەیـــی و خولقانـــدنی هونـــەری ئەرەســـتوو بـــووە. نـــەریمان خۆشـــناو لـــە وتـــاری وەرگێـــڕدراوی "زمـــان لای ئەرەســـتوو" دەبێـــژی: لێـــرەوە ئیـــدی دەگەینـــە ئـــەو دەرئەنجامـــەی هەڵوێســـتی ئەرەســـتوو لـــە ســـەر زمـــان هەڵوێســـتێکی رێکســـــازە و بـــــە رێکەوتنـــــە، نـــــەک هەڵوێســـــتێکی سروشـــــتی. لـــە دوای ئەرەســـتوو رەواقییـــەکان هـــەر وەک ئـــەو دەیـــانگوت هـــەموو شـــتێک کـــە بـــوونی هەیـــە راســـتە بـــەلاَم لـــە نێـــو وشـــە و چـــەقی راســـتی وشـــە لـــە دونیـــای دەرەوە پەیوەنـــدی ناڕاســـتەو خـــۆ هەیـــە واتـــا قونـــاغێکی تـــر بـــە نێـــوی تێگەســـازی لـــە نێوانیـــان دا بـــە دی دەکرێـــت. ئـــەوان هـــەروەها لـــەو بڕوایـــە بـــوون کـــە بـــۆ دۆزینـــەوەی واتـــا راســـتی هـــەر شـــتێک ئـــەبێ لـــە زمـــان کـــەڵک وەربگـــرین. ســـورونیش دەڵێـــت: لـــە لای رەواقییـــەکان رســـتە هـــەر وەک پێکهاتـــەی زمـــانی یـــە و لـــە ژێـــر خـــانی مانـــایی رســـتە پێکهاتەیـــەکی هـــزری هەیـــەز .(٨٧ Lingust) ئـەوان نـاو و ئاوەڵناویـان لـە ژێـر نێـوی onomos دادەنـــا و ئامرازەکانیشـــیان بـــە دوو رســـتەی گـــەردان کـــراو و گـــەردان نـــــەکراو پـــــۆلێن دەکـــــردوە و ئـــــەوەڵ فـــــەرمانیان بـــــە نێـــــــــــــــــویmesotesدەناسی(حەقشـــــــــــــــــناس، ل ٧٤)

دیونوســـــیوس کـــــراکس (١٠٠ پ.ز) لـــــە ئەســـــکەندەرییەکان لـــــە پـــــاش رەواقییـــەکان و لـــە پـــەرتووکی رێزمـــان دا بەشـــەکانی ئاخـــافتن بـــە هەشـــت بـــەش گەیانـــد و ئـــەو پەرتووکـــەی ئـــەو بـــوو بـــە بـــەردی بناغـــەی رێزمـــان نووســـــین، بـــــۆ چەنـــــدین ســـــەدەی دوایی.(ســـــەفەوی ١٣٨٦:ل٤٦).

بـــە گشـــتی دەبینـــین واتـــا و گـــەردانی وشـــە دوو ئـــەدگاری هـــەرە دیـــاری لێکۆڵینـــەوەکانی گریکـــەکان بـــوو، ئـــەوان لـــە ســـەر ژمـــارەی بەشـــەکانی ئاخـــاوتن بیـــری جیاوازیـــان هـــەبووە و هـــەتا کـــات بـــەرە و پـــێش دەچێـــت لـــە

لای ئەوان ژمارەی کەرەسەکانی گۆ کردن لە رووی واتایەوە زۆرتر دەبن.

پاشان دێین و سەرێک لە رۆمای کۆن دەدەین تا بزانین بیرو بۆچوونی ئەوان لە سەر زمان چۆن بووە. زمانەکەی ئەوان واتا لاتین زمانێکی پیرۆز بووە و هەتا چەند سەدە پێش ئێستا هەموو خوێندەوارێکی ئەوروپیی دەبوایە لاتینی بخوێندبایە. لەوانەیە هۆی ئەمە نووسینی کتێبی پیرۆز بە زمانی لاتین یان دەسەلاَتداری بە هێزی ئیمپراتووری رۆما بێت. مارکۆس ترینتیوس واراو(٢٧-١١٦ پ.ز) یەکەمین مرۆڤی رۆمی بوو کە لە سەر لاتین شرۆڤەی کردووە لە لایەکەوە هەر وەک رەواقییەکان لە سەر چۆنیەتی واتای زمان بۆچوونی تایبەتی هەبوو و بۆ جاری یەکەم پێکهاتەی وشەی بە دارژاو و گەردان دابەش دەکرد. زۆربەی زانایانی زمانی لاتین لە سەر دوو شتی گرینگ واتا: مانای رێزمان و ریسای چیرۆک گوتن نووسیویانە و هەروەها گرووپێک لە کاریگەرترین مامۆستایانی زمان کە یاسای بیردۆزی زمانیان لە شاری پاریس بەرچاو گرت و بە یارانی رێژە ناسراون (١٢٩٢-١٢١٤) ئەوان وایان دەگوت کە پێکهاتەی تێگە سازی مێشک و هزری مرۆڤ لە نێوان هێمای شت و هێمای دەنگی ئەو شتە دا چەمک و واتا رێک دەخات و هێما سازیش ئەرکی جیاواز کردنی تایبەتمەندییە ماناییەکانیان لە ئەستۆ بوو. بەم جۆرە هەر بوونەوەرێک بە بۆنەی هێمای دەنگ و هێمای واتایی هەبوونی راستەقینەی پێ دەبەخشرێت.(حقشناس،١٦٥)

بە نوورەیش بێت ئەمجارە دەرۆین بۆ هیندووستان و بۆمان دەردەکەوێت کە هێندییەکان نە تەنیا لە بیروبۆچوونی زمان دا لە ئەوروپییەکان کەمتر نەبوون، بەڵکو گەلێک پێشکەوتووتر و زانایانەتر تێڕوانینیان لە سەر زمان هەبووە. لە سەدەی پێنجی پێش زایین هێندییەکان دەستیان بە روونکردنەوەی زمانی سانسکریتی کۆن کرد. سروودەکانی ودا بە زمانی ئارياییەکانی هێند (سانسکریت) هۆنراوەتەوە (١٥٠٠ پ.ز). ئەم سروودانە ١٠١٧ بەیت بوون کە بە سەر چوار بابەتی جیاواز دا پۆلێن کراون. بەرهەمەنەکان ئەرکی لە بەر کردن و فێر کردنی

ئەم سروودانەیان لە ئەستۆ بوو. لە بەر کاریگەری هێز و زانیاری ئایینی ئەوان بوو کە کۆمەڵگەی هیند بە سەر دوو چینی خوار و بانەوە دابەش کراوە و هەنووکەش هەر ماون. دەنگ سازی و دەنگ ناسی زمانی سانسکریت ئەنجامی پێویستی گۆکردنی ریگ ودا بە رەوتێکی کۆن بوو و ئەرکی مامۆستایانی ئایینی هیند بوو. (سەفەوی،١٣٨٦). بەلاَم لە دواییدا ئەوە پانینی بوو (٣٥٠ پ.ز) بوو کە بە دیارترین رێزمان نووسی هەموو مێژوی زمانەوانی ناوبانگی دەرکردووە. ئەو لە هەر یەکێک لە هەشت بەشی کتێبەکەی دا بە وردی لە سەر بەشە جیاوازەکانی زمانەوانی لە بەر باشتر تێگەیشتن و گۆکردنی ریگ ودا لە روانگەیەکی نوێ و زانستی دا توێژینەوەی کردووە. ئەم بەرهەمە ئاسەواری خۆی لە سەر هەموو پەرتووکەکانی رێزمان نووسی پاش خۆی داناوە. مهری باقری (١٣٧٨ ل١٣) دەڵێت: رەگی وشەکان باسی سەرەکی پانینی و زانایانی هیند بووە. لە پێش وتاری کتێبەکەی دا، دەبیر موقەدەم ئاماژە دەکات کە بنەمای زمانەوانی سەردەمی چامسکی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی کۆنی رێزمان نووسی هیندی پانینی (١٣٧٨، ل١).

ئیدی کاتی ئەوە هاتووە چاوێکیش بە سەر زمانی عەرەبی بخشێنین، کە ماوەی زۆرتر لە هەزارەیەک و تا یەک سەدە لەمە و پێش باڵی خۆی بە سەر نیوەیەک لە جیهان دا کێشابوو. زانیاری ئێمە لە سەر زمانی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ پاش ئیسلام و هەروەها بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر چۆنیەتی خوێندنی قورئان واتا، تێگە، راڤە و راژەی. دوو شاری مەزن و چالاک لەم بوارەدا کە راهێنانیان بە خوێندەواران دەکرد و پسپۆریان لە سەر زمان لێ هەڵکەوت کووفە و بەسەرە بوون کە بە دوو رێبازی جیاوازی رستە سازی و گوتاری ناسراون. دوو پەرتووکی ئەلعەین و خەلیل بنی ئەحمەد و الکتابی شاگردەکەی واتا سیبویە بە دەسپێکی رێسای زمانی عەرەبی ئەژمار دەکرێت. دوو ئەدگاری ئەم ژێدەرانە یەکەم لێکۆڵینەوەی رەواڵەتی و گەردانکاری وشەکان لە نێو رستە دا و دووهەم زانیاری ئەم پسپۆڕانە لە سەر شرۆڤەکانی پانینی و زانایانی

زمـــانی سانســـکریتی کـــۆن بـــووه کـــه ناڕاســـتەوخۆ لـــه خوێنـــدنی ئـــەم ســـەرچاوانه بـــه دی دەکرێـــت، واتـــا شـــێوازی لێکـــۆڵینی پانینیـــان پێـــوه دیـــاره، ئـــەم ڕێگـــه و ڕێبازانـــه تـــاکوو ســـەدەی ڕابـــردوو تاکـــه ڕێنمـــای نووســـینی ڕێزمـــان بـــوون. لـــه ڕاســـتی دا هێنـــدێک لـــه زمانەوانـــه ئەورووپییـــەکان بـــه کاریگـــەری ڕوانگـــەی پســـپۆڕانی عـــەرەب لـــه ســـەر فیلۆلـــۆژی (ڕێزمـــان ناســـی) ئـــەورووپی لـــه ڕێگـــای زمـــانی عیبرییـــەوه دان پێدادەنێن.(ســـەفەوی، ل١٢٢)


لـــه ماڵئـــاوایی دا دوو شـــتی گرنـــگ لـــه ســـەر بنـــەماکانی مێـــژووی زمانـــەوانی روونتـــر بـــەرچاو دەکـــەون. لـــه لایەکـــەوه ئـــەم بنەمانـــه لـــه ســـەر فەلســـەفه و لۆژیـــک دامـــەزراون و ناســـینی واتـــا و تێگـــه بـــووه ســـەرەکیی تـــرین هـــۆی پـــەیڤیین لـــه ســـەر زمـــان. لـــه لایـــەکی تـــرەوه بـــەردەوامی و بـــەرەو پـــێش چـــوونی ڕەوتـــی لێکۆڵینـــەوه بـــه دی دەکرێـــت کـــه پســـپۆڕانی نەتـــەوه جیاوازەکـــان هـــەر لـــه گریکـــەوه تـــا هێنـــد و ... کاریگـــەری ڕوانگـــەی خۆیانیـــان لـــه ســـەر ڕێزمـــان نووســـینی یـــەکتری دانـــاوه و پەیوەنـــدی نێوانیـــان دیـــاره. هـــەر چـــی بێـــت دەتـــوانین بنـــەماکانی زۆربـــەی ڕێبـــاز و قوتابخانـــەکانی ســـەرەکی زمانـــەوانی ئـــەمڕۆ بـــه ڕێزمـــان نووســـی و فەلســـەفەی کـــۆنی نەتـــەوه جیاوازەکانـــدا دیـــاری بکـــەین. لـــەم بەرهەمـــه دا تـــەنیا باســـێکی گشـــتی بـــه وردی و کـــورتی لـــه ســـەر ئـــەم بابەتـــه کـــراوه و لـــه ســـەر گریـــک، ڕۆمـــا، هێنـــد و عـــەرەب زیـــاتر تێنەپـــەڕیوه. مێـــژووی زمانـــەوانی نەتـــەوه کۆنـــەکانی تـــر هـــەر وەک مزۆپۆتامیـــا، چیاکـــانی زاگـــروس، ئێرانـــی کـــۆن، چـــین و میســـر هێشـــتا چـــاوەڕوانی لێکۆڵینـــەوه و دەر خســـتنی ڕاســـتیەکانه. ئەگـــەر چـــی لـــەم بوارانـــەدا کـــار کـــراوه بـــەلاَم پێویســـتییان بەمانـــدوو بـــوونی زۆرتـــری گشـــتی زانایانـــه. بـــه تایبـــەت ئـــەرکی مێـــژووی زمانـــەوانانی کـــورده کـــه لـــه ســـەر ڕەچەڵـــەک و بنـــەمای زمـــانی کـــوردی بـــه ڕێگەیـــەکی زانســـتی بپـــەیڤن و تـــەم و مژی مێژوو له سەر ڕاستییەکانی ئەم زمانه لابەرن.

# زمان

له ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوه

Jump to searchJump to navigation

*ئەم وتـــــارە ســــــەبارەت بە زمــــــان بە واتــــــای سیســـــــتەمی پێوەنـــدیگرتنی مـــرۆڤ نووســـراوە. بـــۆ زمـــان بە واتـــای ئەنـــدامی لەشی بڕبڕەداران، زمان (ئەندام) ببینە.*



**خەتی مێخی**، یەکێک لە شێوە سەرەتاییەکانی زمانی نووسین

**زمـــــان** کۆمەڵێـــک نیشـــانەی بڕیـــاردراوی ڕێســـامەندە لە دەنگەکـــان یـــا نیشـــانەکانی گـــوتن و نووســـین، کە لە لایەن کۆمەڵێـــک مرۆڤـــی ســـەر بە تـــاقمێکی کـــۆمەڵایەتی یـــا فەرهەنگیـــیەوە بە مەبەســـتی دامەزرانـــدنی پێوەنـــدی (تێگەیانـــدن و تێگەیشـــتن) بەکـــار دێـــت. ئەرکـــی زمـــان پەیوەنـــدیگرتنە و دەربڕینـــی ڕا و هەســـتی دەروون. ئەکـــرێ بڵێـــین زمـــان سیســـتەمێکی ئاڵۆزە کە مرۆڤ بۆ ڕاگەیێنی بەکاری ئەبا.

بەو زمـــانەی کە مـــرۆڤ پـــێ قســـە ئەکـــا ئەوتـــرێ زمـــانی سروشـــتی. ئەمـــڕۆکە نـــزیکەی ســـێ تـــا شـــەش هەزار زمـــانی سروشـــتی بـــوونی هەیە، بەڵام نیوەیـــان مەترســـیی لەناوچوونیـــان لەســـەرە . هەروەهـــا، کۆدەکـــان و

جۆرەکانی تری زمانگەلی دەستکار، وەکوو ئەوانەی وا بۆ بەرنامەسازیی کۆمپیوتەر بەکار دێن ژی، پیان ئەوترێ زمان. زمان لەم ڕاستێنەیەدا، سیستەمێکە پێکهاتوو لە نیشانەکان بۆ بەکۆدکردن و لەکۆددەرهێنانی زانیارییەکان.

لە کوردیدا، وشەی "زمان" بۆ ئاماژە بەو ئەندامە گۆشتییە بزۆزەی ناو دەمیش بەکار دەبردرێ کە لە زۆربەی بڕبڕەدارانـدا ئەرکی ناسینەوەی تامگەلی جۆراوجۆری لە ئەستۆیە و دەوری سەرەکیی هەیە لە قسەکردندا (زمان (ئەندام) ببینە). ئەم پێوەندییە لە زۆربەی زمانەکاندا هەیە (بۆ نموونە، وشەی *language*ی زمانی ئینگلیزی لە وشەی *lingua*ی لاتینەوە گیراوە کە بە مانای *زمانی ناو دەمە*) و، بەڵگەی گرنگایەتیی مێژوویی زمانی زارەکییە.

زمان کۆمەڵێک نیشانەی بڕیاردراوە، کە لە ئاراستەی کاتدا بۆ گواستنەوەی پەیام بە کار دێت. مەبەست لە ئاراستەی کات، بە شوێن یەکدا هاتنی نیشانەکانە. ئەم کۆمەڵە نیشانە لە درێژای کاتدا دەتوانن چەمکێک لە مێشکی مرۆڤدا بخوڵقێنن.

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی زمانی مرۆڤ ئەوەیە کە وتەیێک دەکرێ دوو جار شی بێتەوە. لە شیکاری یەکەمدا ، وتەکە بۆ بچووکترین پاژی واتادار دابەش دەبێ، بەم یەکە بچووکە واتادارانە دەڵێن مۆرفیم


لە دووهەم شیکاریدا هەر مۆرفیمێک بۆ چەندین پاژی بچووکی دەنگیی بێواتا دابەش دەبێ کە پێی دەڵێن فۆنیم

بۆ وێنە ڕستەی «گەڵا سەوزە» لە جاری یەکەمدا بۆ سێ مۆرفیم دابەش دەبێ: «گەڵا»، «سەوز»، «ە»

لە دووهەم شیکاریدا بۆ وێنە «گەڵا» بۆ چوار فۆنیم دابەش دەبێ: «گ»، «ە»، «ڵ»، «ا»

گرنگترین جیاوازی زمانی مرۆڤ لە سیستەمە پەیوەندیەکانی دیکە، تایبەتمەندی دووجار شیٚ بوونەوەیە.

زمانی مرۆڤ



ئەو بەشانە لە مێشک کە لە دامەزرانی زماندا دەوریان هەیە

مرۆڤ گیانداریٚکی کۆمەڵژییە و زمان وەک پێداویستییەکی گرنگ بۆ پێوەندی گرتنی دەوری هەیە. زمان لە کۆمەڵێک نیشانە پێکهاتووە کە بە هۆیانەوە مرۆڤ دەتوانیٚ مەبەستی خۆی دەرببڕێت.

لە زمانناسیدا بە وشەکان ، نیشانە دەڵیٚن؛ ئەم نیشانانە بە شێوەی دەنگ، نووسین یا ئاماژەن، کەوابوو زمانی مرۆڤ بۆ سیٚ جۆر دابەش دەبێت:

- **زمانی گوتن**: نیشانەکانی ئەم زمانە دەنگن ، مرۆڤ لە سەرەتای ژیانەوە پێی ئاشنایە و پێش قوتابخانە بە باشی قسەی پیٚ دەکا.
- **زمانی نووسین**: نیشانەکانی ئەم زمانە خەتییە، فێرخواز پێویستە لە قوتابخانە فێری ببیٚ.
- **زمانی ئاماژە**: نیسانەکانی ئەم زمانە ئاماژەیە و زۆرتر لە کەسانی نابینا و نابیسادا بە کاردێت.

زمـــان ناســـی بەم واتـــا تـــازەوە، زانســـتێکی نـــوێیە، بەڵام وەک لێکـــۆڵینەوە لە ســـەر زمـــان بـــۆ چەنـــد ســـەدە پـــێش لە زایـــین دەگەڕێـــتەوە، یـــانی ئەو سەردەمەی پانینی ڕێزمانی بۆ زمانی سانسکریت دانا.

لە زمانناســـیدا، لە چەنـــد ڕوانـــگەوە ســـەیری زمـــان دەکەن: دەنگناســـی ، شێوەناســـی ، واتاناســـی ، ڕستەناســـی ، وشەناســـی و هەروەهـــا بوارەکـــانی کۆمەڵناســـی زمـــان ، دەروون ناســـی زمـــان ، دەمـــار ناســـی زمـــان ، زمانناسی داد ، زمان و ژیری و ...

لە بەر ئەوەی زمـــــان دیــــاردەیەکی گــــران و ئاســــتەمی مرۆڤــــی و کــــۆمەلایەتیە، لێکــــۆڵینەوەی ورد و هەمەلایەنەی زمــــان، بە بــــێ کەڵــــک وەرگــــرتن لە زانســــتەکانی تــــر ســــەرناگرێ. کەوابــــوو زمانناســــی بــــێجگە لە بــــاری ناســــاندن ( تەوســــیفی) و بیرۆکەیــــی زمــــان، تیشــــک دەخــــاتە ســــەر بــــاری کەڵــــک ناســــی، دەروونناســــی، خەڵکناســــی، کــــۆمەڵایەتی، هــــونەری، وێژەیــــی، فەلســــەفی و نیشانەناسی زمــــان. کەوابــــوو زمانناســــی ئەمــــڕۆ زۆر گۆڕەپــــانی زانستی دەگرێتە خۆی.

زمـــــانەوان یـــــان زمانـنـــــاس بەو کەســـــە دەبێـــــژن کە دەپەرژێـــــتە ســـــەر لێکـــۆڵینەوەی زانســـتی زمـــان، پـــێچەوانەی بیـــری بـــاوی کۆمەڵگـــا، زمـــانەوان پێویســـــت نـــــیە بە ســـــەر چەن زمانـــــدا زاڵ بـــــێ، گرنـــــگ ئەوەیە بتـــــوانێ دیاردەکـــانی زمانناســـی وەک وشـــە ، بـــڕگە ، ڕستەناســـی و واتـــا بناســـێ و بە جـــوانی لێکـــی بـــداتەوە.لە بیرمـــان بـــێ کە کـــاری زمـــانەوان ناســـاندنە ، نەوەک دانان .

پـــانینی لە ســـەدەی پێنجەمـــی پـــێش زایـــین، ڕێزمـــانێکی چڕوپـــڕی بـــۆ زمـــانی سانســــــکریت نووســــــی، بەڵام زمانناســــــی لە واتــــــای ئەمــــــڕۆدا، لە گەڵ نووســـــینی کتێبـــــی خـــــولی زمـــــانی گشـــــتی بەرهەمـــــی فردینـــــان دێسوســـــور دەســـــتی پێکـــــرد. لە دەکـــــانی ١٩٥٠، بیرۆکەکـــــانی نـــــوام چامســـــکی شۆڕشـــــێکی لەئ بـــوارەدا بەرپـــاکرد و بـــووە هـــۆی ســـەرهەڵدانی ڕێزمـــانی زایەنـــی یـــان ( Generative grammar). چامســـــکی لە ســـــەر ئەو بـــــاوەڕەبوو کە بنەمـــــا

و دانستەکانی زمان لە مرۆڤدا سروشتی و زاتییە، واتە کە فێر بوونی زمان بە شێوەی جێنێتیکی و بۆماوەیی لە مێشکدا داڕێژراوە و ژینگەی منداڵ تەنیا وەک هاندەرێک لە فێر بوونی زمانی دایکیدا دەوری هەیە. منداڵ کۆمەڵێک زانیاری لە ژینگەی زمانی خۆی وەردەگرێ و بۆ خۆی دەتوانێ کۆمەڵێک پێکهاتەی تازەی لێ دروست بکات.

## زمانی لەش

بە گواستنەوەی پەیامەکان لە ڕێگای جووڵەی ئەندامەکانی لەش دەڵێن.

## زامنی مردوو- زمانی دوابڕاو

زمانی دوابڕاو بەو زمانە دەبێژن کە هیچ ئاخێوەرێکی نییە، بەڵام زمانی مردوو بەو زمانە دەڵێن کە هیچکەس وەک زمانی سەرەکی خۆی قسەی پێ ناکا.

## زمانی داهێنراو(دەسکرد)

بڕێ کەس یا کەسان بە مەبەستی تاکەکەسی یا بۆ تاقی کردنەوە زمانێک دروست دەکەن، بەم زمانانە زمانی داهێنراو یا دەسکرد دەڵێن، زۆربەی زمانە دەسکردەکان هەوڵیان داوە ئاسانتر و ڕێسامەندتر لە زمانە سرووشتییەکان بن، وەک زمانی لۆژبەن(Lojban)

زمانی ئێسپێرانتۆ جۆرێک زمانی دەسکردە کە لە لایەن لودڤیگ زامێنهۆف داهێنرا،

وتارە پێوەندیدارەکان

# سەرچاوەکان


١. ئینسایکلۆپیدیای بریتانیکا
٢. ویبگەی زانستگەی میشیگان، وتارێک لە نیک سی ئێلیس
٣. UNESCO Atlas of the World's Languages in Danger
٤. وشەڕەتی language لە en.wiktionary.org –دا